www.kurdistannet.org
21-2-2006 11:02 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕاگەیاندنی -چاک- دەربارەی دۆزی د. کەمال و دادگای هەولێر

بەپێی دوایین هەواڵەکان لەهەولێرەوە و بەپێی ئاگاداریەکانیشمان لە خێزانی د. کەمالەوە، بڕیارە دادگای شاری هەولێر جارێکی تر سەیری دۆزی د. کەمال بکاتەوە و، د. کەمال کەبەداخەوە چەندین ڕۆژە لەزیندانەکانی هەولێردایەو لەبارودۆخێکی زۆرخراپدایەو تائێستا لەسەرداوایەک کەلەسەری تۆمارکراوەو تائەم کاتەش ناوەرۆکی ئەم داواکاریە بۆڕای گشتی دیارنیە! وێڕای نارەزایەتی چەندین کۆڕوکۆمەڵ و ڕێکخراوی ناودەوڵەتی وژمارەیەکی زۆر ڕۆشنبیران و خەڵکی کوردو غەیرە کوردیش لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستان و و لەبەرانبەریشدا چەندین جار بەڵێن دان و ڕاگەیاندن لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە ئازادکردنی بەداخەوە ئەم کێشەیە هەر دەستی بەدەستی پێکراوە و د. کەمال تائێستا لە زینداندایە، ئێمە داواکارین و هیواداریشین کە دۆزی د. کەمال کە بڕیارە لە ڕۆژی پینج شەمە 23-2-2006 کاتژمێری 10ی بەیانی لە دادگای هەولێر سەیری بکرێتەوە بە شێوەیەکی عادیلانە سەیری ئەم دۆزەبکرێت و دادگا دووربێت لە دەست تێوەردانی سیاسی، ئێمە داواکارین لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئینسانە ئازادی خوازەکان بۆ چاوەدێری دۆزەکە و لەسەرداخوازی د. کەمال خۆی کە لە کاتی دادگایەکە ئامادەبن.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد -چاک-